## خانووبەرە مێژووییەکان

لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتووی جیهان رەسم وایە تابلۆیەکی بچووک بە دیواری ئەو ماڵانەوە دەدەن کە پێشتر کەسایەتییەکی گرنگی سیاسی/ کۆمەڵایەتی/ هونەری/ زانستی تێدا ژیاوە و لەسەری دەنووسن فڵانە کەس لە نێوان ئەو ساڵە دیاریکراوانە دا لەم شوێنە تایبەتە ژیاوە، یاخود کاونسڵ (شۆڕای شار) ماڵەکە دەکڕێتەوە و دیکۆڕاسیۆنی ئەو ساڵانەی تێدا پێک دەهێنێت و ئاسەوارەکانی ئەو کەسایەتییەی لێ دادەنێت و دەیکاتە شوێنێکی توریستی بۆ سەردان و چاولێکردنی خەڵکی خۆیی و بیانی.

ئێمە تا ئەو قۆناغە و بە ڕێوەچوونی بەرنامەیەکی ئەوتۆ، رێگای دوورمان لە بەرە و هەرگیز داگیرکەری ئێرانی ئیجازەی کاری وامان پێ نادات، واتە دەبێ سەرەتا کەیانێکی خۆیی نەتەوایەتیمان هەبێت ئینجا بەرەو کاری وا بئاژوێین. بەڵام بۆ ئەوەی سەرهەودای مەسەلەکان ون نەبن و لە دوارۆژدا بزانین کێ کێ بوە، پێویستە هەر لە ئێستاوە شوێنەوارەکان لە سەرانسەری کوردستاندا دیاری بکەین و بیاننووسین.

لە بۆکان هەندێک خانووبەرە هەن کە شوێنی ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکان بوون و بەداخەوە بە هۆی شێوازی کۆنی مێعماری و کەرەسەی خراپی بینا سازییەوە رووخاون و نەماون، یا لەبەر هۆکاری سیاسی کەوتوونەتە بەر هێرشی حکوومەتی عەجەمان (بۆ نموونە، قەڵای سەردار کە لە جیاتی پاراستن و نوێکردنەوە، پاسدارەکان رووخاندیان و لە ناویان برد).

لە بارودۆخێکی وادا، گرنگ ئەوەیە ئێمە شوێنەکانمان لەبیر نەچێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بتوانرێت دەست نیشان بکرێنەوە و یادیان زیندوو رابگیرێت :

ای خاک! اگر سینه تو بشکافند

بس گوهر قیمتی که در سینه توست

(خیام)

بۆ ئەم کارە پێویستە شوێنی هەرکام لەو ماڵانە بە وردی دیاری بکرێن و بنووسرێن. بۆ نموونە، مامۆستا هەژار لە ساڵانی لاویەتیدا ماڵی لە تەرەغەوە هاتۆتە بۆکان لەگەڵ برای بچووکی خۆیدا، شەهید د. سادق شەرەفکەندی لەو ماڵەدا ژیاون کە دواتر بوو بە ماڵی "فاتم فەرهاد" و "حاجی سەعیدی موبارەکی". من ئێستا 30 ساڵە بۆکانم نەدیتوە و نازانم چی بەسەر ئەو ماڵە هاتووە بەڵام دەتوانم شوێنایەتییەکەی بەم شێوەیە دیاری بکەم: لە باکووری رۆژهەڵاتی مزگەوتی

جامیع، خوار ماڵی مەلا عیسامەددینی شەفیعی، باکووری ماڵی ساڵە خانی نەسیری، کە گوایە ئێستا کەوتۆتە بەری باشووری ئەو خیابانە تازەیەی وا لە نێوان خیابانی سەرەکی شار و لای حەوزە گەورە وە تا خیابانی سەقز لێدراوە.

ئەگەر بەم شێوەیە، ماڵی گەورە پیاوانی وەک قازی کاکە حەمەی قزڵجی، مەلا عەلی و مەلا حەسەنی قزڵجی، حەقیقی، ئەفخەم، میرزا برایمی ئەفخەمی، مەلا هادی ئەفخەم زادە، سمایل خانی فەڕروخی، مامۆستا سەید حەسەنی کازمی. سەید عەبدوڵڵای کازمی، عەبدولرحمانی ددانساز، سەیدی بەننا، دوکتور سەلامەت بەخش، حاجی قاسم کەریمی، عەبدوڵڵا ئێرانی، میرزا حەمەرەئوفی خەیات، عەلی میربەگ، حوسێنی فاتیحی، حوسەینی تەهایی، میرزا برایمی حەریری، مەحموودی رەزایی، عومەری سوڵتانی وەفا، حوسەینی مەجیدی(قارەمانی راپەڕینی ساڵی 1332ی بۆکان)، مەلا عیسامەددینی شەفیعی(و مەلا ئەبووبەکری کوڕی و دوکتور جەعفەری نەوەی)، وەستا قەفاری بەننا، ماڵی جوو، ئەرمەنی، بەهایی و پەیرەوانی ئایینەکانی تر، هەروەها ئەو کەسانەی کە وا خەڵکی بۆکان نەبوون بەڵام بۆ ماوەیەک لە بۆکان ژیاون و دەوریان هەبووە لە رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی / فەرهەنگی بۆکاندا، بۆ نموونە: حاجی شەیبانی (یەکەم سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان لە 1315)، کاک ئەحمەدی قازی، کاک حەبیبوڵڵا تابانی، کاک فەتاحی ئەمیری، شاعیرە گەنجترەکان وەک کاک سەعید نەجاڕی(ئاسۆ) و نووسەر و چیرۆک نووس و کاریکاتۆریست و وەرگێرە لاوەکان وەک کاک محەمەد رەمەزانی و برایانی قوەڕەیشی و گۆرانی بێژانی وەک حەسەن زیرەک، حەمە حسێنی خات سەفیە، عەلی خەندان، حەسەنی دەرزی و عەبە دەڕژێ و سەدان ناویتر کە من لە بیرم نەماون و یاخود شوێن بۆ نووسینی ناوی هەموویان لێرەدا نییە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک دەیانناسن. حەیف نییە ماڵی حەسەن زیرەک وون بێت

پێویستە شوێن ورێکەوتی ژیان و کاری هەر کامیان بە وردی دیاری بکرێت و بنووسرێت، ئەوەش کاری لاوە دەست بە قەڵەمەکانە لە بۆکان. ئەوە ئێوە و ئەوەش ئەو ئەرکە گرنگە!